کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 1:10 2007-8-7

**وەزارەتی خوێندنی باڵا، نەمانی رێسای عبور لە بەرژەوەندی کێیە؟! ... ئارام کەریم**

وەك ئاشكرایە رێسای پەڕینەوە (عبور) تا پارساڵیش لە زۆربەی زانكۆكانی كوردستان پەیڕەودەكرا و بێگومان بوونی یاسایەكی لەم شێوەیە لە بەرژەوەندی قوتابیان دایە و چانسێكە بۆ ئەوەی ساڵێك لە تەمەنی بە فیڕۆنەڕوات. بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە، لێدوانی بەرپرسانی دامەزراوە ئەكادیمیەكانە مەبەستم زانكۆكانە كە تەئكید لەسەر راگرتنی كاركردن بەم یاسایە لە ساڵی نوێی خوێندن دەكەنەوە، بە هانای ئەوەی كە فاكتەرێكی دابەزاندنی ئاستی زانستی قوتابیانە.

من نازانم تێڕوانیان بۆ ئەم رێسایە چییە و لە چ سۆنگەیەكەوە ئاستی زانستی قوتابیانی دابەزاندووە، خۆ قوتابی لەو وانەیەی كە عبوری تێدا هەیە دووبارە تاقیكردنەوەی تێدا ئەنجام دەدات و ئەگەر دەریشنەچێت ئەوا دەمێنێتەوە وەك ئەوەی كە روویداوە و پەیڕەویش كراوە. جا نازانم لە چ روویەكەوە ئاستی زانستی دابەزاندووە؟! بەڵام بە نەمانی ئەو رێسایە پرسیارێك دروست دەبێت ئەویش، ئایا گوناهی ئەو قوتابییە چییە كە وانەیەكی كەوتۆتە خولی دووەم لەگەڵ ئەوەی تەواو خۆی ئامادەكردووە بۆ ئەنجامدانی تاقیكردنەوە بەڵام كێشەیەكی لەناكاوی دێتە پێش، هەر بۆ نموونە تووشی نەخۆشی دەبێت یان كەسێكی نزیكی كۆچی دوایی دەكات كە ئەمەش دەبێتە رێگر لە دەرچوونی، جا ئایا كە بڕیاری نەمانی عبور دراوە رەچاوی ئەم خاڵە كراوە؟!

ئایا مەبەست لە دەركردنی بڕیارێكی لەم چەشنە چییە و لە بەرژەوەندی كێیە، ئایا بوونی كۆلێژەكانی ئێواران بەم شێوەیەی كە ئێستا هەیە، نابێتە هۆی دابەزاندنی ئاستی زانستی قوتابیان، ئایا نەبوونی مامۆستا نابێتە هۆی نانەوەی تەگەرە لە بەردەم بەرەوپێشچوونی رەوتی خوێندن، ئایا دواكەوتوویی پرۆگرامەكانی خوێندن كە تا ئێستا هیچ هەنگاوێكی جددی بە ئاراستەی نوێكردنەوەی نەنراوە نابێتە هۆی دەرچوواندنی كەسانێكی نەشارەزا بە رووی جیهانی نوێ. ئایا دامەزراندنی زانكۆیەك لەسەر بنەمای قبول خاێ و حزبایەتی نابێتە هۆی شكاندنی هەموو پرەنسیپەكانی دادپەروەری و پیرۆزی زانست. جا نازانم عبور ئاستی زانستی قوتابیانی دابەزاندووە یان ئەو كێشانە و دەیان كێشەی تریش كە ساڵانە لەگەڵمان دەژین و تا ئێستاش وەزارەتی خوێندنی باڵا و زانكۆكان چارەسەرێكی ئەوتۆیان بۆ نەدۆزیونەتەوە.

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.